# ناوەندی هەواڵگری فیدراسیۆنیسەرتاسەری پەنابەرانی عێراقی

یۆتۆبۆری2007-5-22:

## سیٚ رۆژ  پەنابەرانی کورد لە ناوەندی شاری یۆتۆبۆری نارەزایەتی دەردەبرن

بەپیٚ ئەو هەواڵانەی لە فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی – یۆتۆبۆری وەبەدەستمان گەیشتوە، کۆمیتەی هاوکاری بۆ بەرگری لە پەنابەرانی کوردی عیراقی کە لە نۆینەرانی چەند رێکخراو و مەڵبەندی کوردی و فیدراسیۆن  پیٚك هاتووە بۆ ماوەی سیٚ رۆژ (9،8،7_6-2007) خیمەی نارەزایەتی دادەنریٚ لە ناوەراستی شاری یۆتۆبۆری لەپێناو نیشاندانی نارەزایەتی پەنابەران دژ بەسیاسەتی دائیرەی کۆچی سویدی بەرامبەر بە پەنابەرانی کورد بۆ دریژەنەکردنەوەی ئیقامەتی یەکسالی پەنابەران و بریار بەزۆر گیرانەوەی پەنابەران بۆ کوردستان.

هاوکات رۆژی سێیەم واتە (9-6-2007) کاتژمیر2 پاش نیوەرۆ بەرێپیوان بەرو یۆتەپلاسن  کۆتای بە م چالاکی یە نارەزایەتیانە دەهینریٚ ، فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی داوا لەتەواوی پەنابەران و خەڵکی ئازادی خوازو ئینسان دۆست دەکات لەم 3 رۆژ نارەزایەتی دەربرینە بەشداری بکەن دامو دەزگاکانی راگەیاندن وپەیام نێری رۆژ نامەکان ونۆینەرانی رێکخراوە ئینسانی و پەنابەری و یەکیتی کریکاریەکان لەم هەواڵە ئاگادار بکەنو و پشتیوانی و هاوکاری بکەن ، بۆ زانیاری زیاتر بە (هاوریٚ فاتح) بەرپرسی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی_یۆتۆبۆری بەژمارەی(0704454159)  پەیوەندی بگرن

IFIR:PO.BOX1575, ILFORD, IG1 3BZ, LONDON UK:CONTACT Dashty Jamal,

d.jamal@ntlworld.com, Mobile:00447856032991 ,Aso Goran: asobalabarz116@hotmail.com

Jasim Gafur:  Jasm_rg@yahoo.co.uk    Burhan Fatah : burhanfatah@aol.com  Mobile:

07877489626 **or** 07929010257   Office: 0161 234 2784 Aram Hama 07729182083